### تۆژەر ماتان کۆرڤ «کوردستان وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ» بۆ گوڵان:

# ڕاستە کوردستان دەوڵەت نییە، بەڵام لە هەموو دەوڵەتەکانی دراوسێی پێشکەوتووترە



**تۆژەر ماتان کۆرڤ ئێستا سەرخاڵی توێژینەوەیەکە لەسەر هەرێمی کوردستان، ناونیشانی ئەم باسەی «کوردستان وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ»یە و ئەم باسە بۆ زانکۆی «fleccher school of law and Diplomacy» ئامادە دەکات، ساڵی پاریش توێژینەوەیەکی لەسەر کوردستانی باکوور ئەنجامداوەو ماوەیەک بۆ باسەکەی سەردانی دیاربەکری کردووە.**
**بۆ ئەم باسەی ئەمساڵیش وا بڕیارە لە ٢٠٠٦/١٢/٢٨- ٢٠٠٧/١/١١ لە هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە و سەردانی شارەکانی کوردستان بکات -گوڵان- بۆ ڕێزلێنان لە هەڵوێستی ئەم تۆژەرە و ماندووبوونی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی کوردستان و، سەبارەت بەم باسەی ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەردەکات پەیوەندی پێوەکرد و بەڕێزی بەمجۆرە دیدی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

**دەوڵەتی دیفاکتۆ پێگەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا**

دەوڵەتی نەتەوەیی بەرهەمی ڕێنیسانسی ئەوروپایە، بەڵام دەوڵەتی دیفاکتۆ بەرهەمی شەڕ و ناکۆکی و بێ ویژدانی سیستەمی تازەی جیهانییە کە لە پێناوی بەرژەوەندی هێزە گەورەکاندا، مافی دەوڵەتی شەرعی بۆ گەلێک نەتەوە ناسەلمێنن، ئێستا هەرێمی کوردستان لەو قۆناغەدایە، هاووڵاتیانی حەز بە سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەو مافەی پێ ڕەوانابینێ هەربۆیە تایتڵی توێژینەوەکە «کوردستان وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ» سەرنجی گوڵانی ڕاکێشا بۆیە دەپرسین دەوڵەتی دیفاکتۆ مانای چییە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا تۆژەر ماتان کۆرڤ بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: «بەپێی بەندی یەکەم لە ڕێککەوتنی مۆنتیڤیرۆی ساڵی ١٩٣٣ سەبارەت بە ماف و ئەرکی دەوڵەت، چوار مەرجی سەرەکی داناوە کە دەبێت لە هەر دەوڵەتێکدا هەبێت:

١- هاونیشتمانی
٢- هەرێمێکی پێناسەکراو
٣- بوونی حکومەت
٤- ئەو توانایەی هەبێت پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دروست بکات.

کاتێک خەڵک ئاماژە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق یان کۆمارە هەڵوەشاوەکانی یان ئەو دەوڵەتانەی دیکە کە ئیعترافیان پێ نەکراوە ئەو دەوڵەت و کیانانە وەک دەوڵەتی دیفاکتۆ دەناسرێن، لەبەر ئەوەی ئەو کیانانە هەمان پلەی دەوڵەت بوونیان هەیە و هەمان سیفەتی خاکەکەی مێژوویەکی هەیە، حکومەتێکی هەیە کاروبارەکان هەڵدەسوڕێنێ و پەیوەندیدکی باشیش لەگەڵ دەوڵەتانی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە.

مافەکانی دەوڵەتی دیفاکتۆ

دەوڵەتی دیفاکتۆ جیاوازی لەگەڵ دەوڵەتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە بۆیە مافەکانیشی جیاواز دەبێت دەربارەی ئەم جیاوازیە ماتان دەڵێت: «دەوڵەتی ئەندام لە UN واتە دەوڵەتی شەرعی ئەو دەوڵەتەی بەشێوەیەکی یاسایی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئیعترافی پێدەکرێت، دەبێتە خاوەنی سەروەری و هەموو ماف و بەرپرسیاریەتێکی دەبێت، ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە هەندێک دەوڵەت هەموو سیفەتەکانی ڕێککەوتنی مونتیڤیدبۆی



## دەوڵەتی نەتەوەیی بەرهەمی ڕێنیسانسی ئەوروپایە، بەڵام دەوڵەتی دیفاکتۆ بەرهەمی شەڕ و ناکۆکی و بێ ویژدانی سیستەمی تازەی جیهانییە کە لە پێناوی بەرژەوەندی هێزە گەورەکاندا، مافی دەوڵەتی شەرعی بۆ گەلێک نەتەوە ناسەلمێنن

تێدانییە کە چی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئیعترافی پێکردوون، بەڵام کوردستان هەموو سیفەتەکانی دەوڵەتی بە پێی ڕێککەوتنی مۆنتیڤیدۆ تێدایە بەڵام ئیعترافی نێودەوڵەتی نییە، ئەمەش ئاکامی سیاسەتی پۆست کۆلونیالیزمە کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان داڕشتووەو چەندین هەرێم گەلیان بەشی کردووە.

هەموو هەرێمێکیش مافی خۆی هەیە هەتا ئەگەر دەوڵەتیش نەبێت، من لە قۆناغی یەکەمی باسەکەی خۆمدا ئاماژەم بەوە کردووە کە هەرێمێک مافی خۆی هەیە هەتا ئەگەر دانپێدانانی نێودەوڵەتیش نەبێت بۆ نموونە وەک سۆمالیالاند، هاوڕێکەم ماسیۆ ئیدمۆنس کە لەم سەفەرەمدا لە گەڵم دەبێ لە کوردستان کۆمەڵێک یاسا لە سەر ئەم مەسەلەیەی کردووە و ئەویش هەمان بۆچوونی هەیە کە مافی حکوومەت و حوکمڕانی و ئابووری هتد . . .هەیە

پێموایە ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر لە دراوسێکانی پێشکەوتووتر ەئەمەش نموونەیەکە بۆ باسەکەی من.

ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگ دەوروژێنی کە پێشتر لەلایەن زاناکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانەوە پشت گوێ خرابوو، کە تا ئێستاش لە پەنجەرەی« دەوڵەتە»وە هەموو مەسەلەکان سەیر دەکەن باشە دەپرسین ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆریانە دەکەن کە ئێستا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بوونیان هەیە؟ ئەرکیان چی دەبێت لە کاتێکدا ئیعترافی نێودەوڵەتی نییە؟

چۆن حوکمڕانی بکەن؟ ئایا ئەم هەرێمانە نموونەی قۆناغی پۆست مۆدێرنەن بۆ شێوازی سەروەری؟ یان لە قۆناغی ئینتیقالیدان؟

ئەمانە مەسەلەی سەرەکی توێژینەوەکەمان دەبن.

**پاراستنی ئەم دەوڵەتە دیکتاتۆریە لەلایەن ئەمەریکاوە**

ئەم دەوڵەتە دیفاکتۆیەی کوردستان لە ژێر چەتری نێودەوڵەتی لە دایک بووە ئێستا گەیشتۆتە قۆناغە، بۆیە دەبێ پاراستنیش لە ئەستۆ بگیرێت بەتایبەتی لەلایەن ئەمەریکاوە.

دەربارەی ئەم پرسەش ماتان گوتی: من لام ڕوون نییە، ئەمەریکا تا چەند پارێزگاری مافەکانی کورد دەکات و ناشزانم لە دوای شەڕی کەنداو چی پێ کردوون، بەڵام دەزانم دەوروبەرتان ڕێگرن، تورکیا، ئێران، سوریا، هەموویان ترسی ئەوەیان هەیە، بچووکترین شت لەو ناوچەیە دروست بێت.

من دەترسم کە بارودۆخی عێراق زیاتر ناسەقامگیربێت، ئەوکاتە ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر پشت بە دراوسێکانی کوردستان ببەستێت، ئەو کاتە ئەمەریکاش دەبێ مەترسی هەرسێکیان بڕەوێنێتەوە، ئەمەش واتە گوشار بخاتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە هەڵوێستی لەسەر کەرکووک و یاسای نەوت نەرمتر بکات.

**لە نێوان دەوڵەتی دیفاکتۆ و دەوڵەتی دانپێدانراوادا**

ئەگەر قۆناغی دەوڵەتی دیکتاتۆر، قۆناغێکی پەڕینەوە بێت بۆ دەوڵەتێکی دانپێدانراون ئەندام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئایا کوردستان دەتوانێت بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغی پەڕینەوە ئەنجامبدات؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ماتان بەمجۆرە بۆچوونی خۆی دەربڕی:

پێش هەموو شتێک من لەو ئاستەنیم کە ئەو مەزندەیە بکەم، بەڵام ئەوەی گرنگە دەتوانرێت هەوڵبدرێت ئاستی ئامادەباشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پەسەندکردنی ئەو دەوڵەتە هەڵبسەنگرێت، هەروەها پێویستە گوتاری سیاسی خۆی بە جیهان بگەیەنێت.

تورکیا نموونەیەکە لەسەر بارودۆخەکە، بێگومان تورکیا بە خۆکوژی سیاسی دەزانێ ئەگەر ئیعتراق بە دیفاکتۆی ئەم واقیعەی کوردستان بکات بەڵام لە هەمانکاتدا ئەگەر لە ڕاستیەکانی سەر ئەرزی واقیعیش سەیر بکەین.

دەبینن **پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردستان لە پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی گەورە دەچێ** دەبینین بزاڤێکی بازرگانی هەیە، هەروەها پەیوەندی بکەن، **بۆیە لەم جۆرە پەیوەندیانە دەکرێت هەڵوێستەکان خاوبکرێنەوە**، من وەک کوردێک هەمیشە هەستم بەو جۆرەیە کە **باشترین ڕێگە بۆ کورد دەوڵەتی سەربەخۆیە، بەڵام ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەک بەرەو پێش ببرێت کە مەترسی هاوسێکان برەوێتەوە بۆ ئەوەی و دواتر دووچاری شکست نەبێتەوە.**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەشم بۆ باسەکەم هەر لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە هێشتا لە بواری توێژینەوە لەسەر دەوڵەت کەمتر بایەخ بە دەوڵەتی دیفاکتۆیی دراوە.

## پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردستان لە پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی گەورە دەچێ، بۆیە لەم جۆرە پەیوەندیانە دەکرێت هەڵوێستەکان خاوبکرێنەوە

• • •

## باشترین ڕێگە بۆ کورد دەوڵەتی سەربەخۆیە، بەڵام ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەک بەرەو پێش ببرێت کە مەترسی هاوسێکان برەوێتەوە بۆ ئەوەی و دواتر دووچاری شکست نەبێتەوە